# پێشبینی کەش و هەوای عێراق بۆ ڕۆژانی جەژنی قوربان ڕاگەیەندرا

دەستەی کۆشناسی عێراق وردەکارییەکانی پێشبینییەکانی کەشوهەوای بۆ ڕۆژانی جەژنی قوربان ڕاگەیاند، هاوکات پێشبینی بەردەوامی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دەکات.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، لە بەیاننامەیەکی دەستەکەدا هاتووە : سبەی هەینی، کەشوهەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندەك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور، هەروەها لە ناوچەکانی باکوور ساماڵ دەبێت بە نیمچە هەور، بە گشتی پلەکانی گەرما کەمەك بەرز دەبنەوە.

ئاماژەی بەوەشکردووە بەرزترین پلەکانی گەرما بە سبەی هەینی بەم شێوەیەیە: بەغدا، دیالە، بابل، نەجەفئەشرەف 41 پلە، سلێمانی 36، کەرکوك و نەینەوا 39، کەربەلای موقەدەس و ئەنبار 40، بەسرە 43 پلە.

کەش و هەوای ڕۆژی شەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندەك هەور لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور و لە ناوچەکانی باکووریش نیمچە هەور دەبێت،پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور هاوشێوە دەبن، لە ناوچەکانی باشووریش کەمەك بەرزتر دەبێت.

یەکشەممەی داهاتوو کەشوهەوا بەگشتی ساماڵ دەبێت و پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور هاوشێوە دەبن و لە ناوچەکانی باشووریش کەمەك بەرزتر دەبن و ڕوونیشیکردەوە : ڕۆژی دووشەممەی

داهاتوو کێشوهەوای لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور نیمچە هەور بە هەور دەبێت، هەروەها لە ناوچەکانی باشوور سامانێ دەبێت، لە شێودا هەور دەبێت و بای مامناوەندی باشووری ڕۆژهەڵات (20-30 کم/کاتژمێر) لە ناوچەکانی باشوور بەرز دەبێتەوە، دەگاتە 30-40 کم/کاتژمێر، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی تێز وخۆڵ و پلەکانی گەرما بە گشتی کەمێك بەرز دەبنەوە، لەگەڵ بینینی ئاسێیی (6-8 کم) و لە ناوچە تێز و خۆڵاویەکان (2-3 کم/کاتژمێر.